# ئادەم وموسا گفتوگۆیان کرد، موسا پێی فەرموو: ئەی ئادەم تۆ باوکی ئێمەیت، تووشی بێبەش بوونت کردین وئێمەت دەرکرد لە بەهەشت، ئادەم فەرمووی: ئەی موسا، خوای گەورە فەزڵی پێت بەخشیووە بەهۆی ئەوەی (ڕاستەوخۆ) قسەی لەگەڵ تۆدا کردووە، و(تەوراتی) بە دەستی خۆی بۆ تۆ نووسووە، ئایا لۆمەم دەکەیت لەسەر کارێک؛ لە قەدەری خودا بوو لەسەرم چل ساڵ پێش ئەوەی من دروست بکات؟ ئادەم بەڵگەکەی موسای بەرپەرچدایەوە، ئادەم بەڵگەکەی موسای بەرپەرچدایەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئادەم وموسا گفتوگۆیان کرد، موسا پێی فەرموو: ئەی ئادەم تۆ باوکی ئێمەیت، تووشی بێبەش بوونت کردین وئێمەت دەرکرد لە بەهەشت، ئادەم فەرمووی: ئەی موسا، خوای گەورە فەزڵی پێت بەخشیووە بەهۆی ئەوەی (ڕاستەوخۆ) قسەی لەگەڵ تۆدا کردووە، و(تەوراتی) بە دەستی خۆی بۆ تۆ نووسووە، ئایا لۆمەم دەکەیت لەسەر کارێک؛ لە قەدەری خودا بوو لەسەرم چل ساڵ پێش ئەوەی من دروست بکات؟ ئادەم بەڵگەکەی موسای بەرپەرچدایەوە، ئادەم بەڵگەکەی موسای بەرپەرچدایەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئادەم وموسا گفتوگۆیان کرد): -علیهما السلام- واتا هەریەکێکیان بەڵگەی خۆیان باسکرد بەرامبەر ئەوەی تر، ئەمە) لەوەیە لە پاش مردنی موسا بێت، یان لە خەودا بێت، چونکە خەوبینینی پێغەمبەران هەق وڕاستییە و وەحیە، ولەم بابەتانەدا پێویستە مسوڵمان ملکەچ بێت وباوەڕی پێی هەبێت، وناتوانین لەسەر هەقیقەتەکەی بوەستین. (موسا پێی فەرموو: ئەی ئادەم تۆ باوکی ئێمەیت، تووشی بێبەش بوونت کردین وئێمەت دەرکرد لە بەهەشت): واتا هۆکاری ناڕەحەتی وگومڕابوونی ئێمە بوویت بەهۆی گوناهێکەوە کە هۆکاری دەرچوونت بوو لە بەهەشت، پاشان ئێمە تووشی گومڕایی بووین بەهۆی شەیتانەوە. (ئادەم فەرمووی: ئەی موسا، خوای گەورە فەزڵی پێت بەخشیووە بەهۆی ئەوەی - ڕاستەوخۆ- قسەی لەگەڵ تۆدا کردووە): واتا خوای گەورە تۆی هەڵبژاردووە بۆئەوەی قسەکانی ببیستیت، ئەمیش تایبەتکراوە بە موسا لە دونیادا لە نێوان پێغەمبەران، چونکە خوای گەورە قسەی لەگەڵدا کرد بە بێ هیچ ناوەندێک، بەڵکو ڕاستەوخۆ موسا -علیه السلام- گوێی لە وتەکانی خوای گەورە بوو. (و-تەوراتی- بە دەستی خۆی بۆ تۆ نووسووە): واتا بە دەستەکانی خۆی تەوراتی بۆ تۆ نووسیوە، دەبێت باوەڕمان پێی هەبێت بە بێ لێکدانەوەی چۆنێتی وبە بێ چواندن وبە بێ لادانی لە مانا ڕاستەقینەکەی وبە بێ پەکخستنی واتاکەی. (ئایا لۆمەم دەکەیت لەسەر کارێک؛ لە قەدەری خودا بوو لەسەرم چل ساڵ پێش ئەوەی من دروست بکات؟): چۆن لۆمەم دەکەیت لەسەر کارێک کە خوای گەورە لەسەرمی نووسینەوەی لە ڕووتەختە پارێزراوەکەدا -اللوح المحفوظ- ولە پەڕەکانی تەورات وڕووتەختەکانی پێش ئەوەی من دروست بکات بە چل ساڵ. (ئادەم بەڵگەکەی موسای بەرپەرچدایەوە): واتا ئادەم موسا سەرکەوت بەسەر موسا لە بەڵگەکاندا، -صلوات الله وسلامه علیهما- خوای گەورە دەیزانی کە ئادەم لە بەهەشت دەردەچێت ودێتە سەر زەوی چۆن دەکرێت زانستی خوای گەورە سەبارەت بە ئەو ڕەت بکاتەوە، بەڵگەی ئادەم -علیه السلام- سەرکەوت؛ چونکە ئەگەر شتێک لە قەدەردا نووسرا بێت ڕەت ناکرێتەوە، چونکە خوای گەورە پرپاری لەسەر داوە، وناکرێت خۆی لێ لابدات لە پاش ڕووداندی، وتەنها دەبیت ملکەچ بێت، و لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە بەڵگە هێنانەوە نابێت بەڵگە بۆ ئەو شتانەی کە ڕوویان نەداوە؛ چونکە مرۆڤ فەرمانی پێکراوە بە پەرستنەکان و خۆدوورگرتن لە حەرامکراوەکان، ونازانێت چی لەسەری نووسراوە وڕووەدات، ئەگەر کارەکە ڕوویدا ونەیتوانی

لەسەر خۆی لایبدات ئەوا لێرەدا ملکەچ دەبێت بۆ قەزا وقەدەری خوای گەورە ودەڵێت: (قدر الله وما شاء فعل) واتە: (قەدەری خوای گەورە بوو، وئەوەی ویستی لێی بوو ئەنجامیدا)، وداوای لێخۆشبوون دەکات لە پەروەردگاری ودەگەڕێتەوە لە تاوان وگوناهەکان وتەوبە دەکات. بۆیە ڕوون بوویەوە کە بەڵگەکەی ئادەم سەرکەوت بەسەر بەڵگەی موسادا کاتێک موسا لۆمەی ئادەمی کرد بەهۆی ئەوەی ئەو هۆکار بووە کە نەوەکانی تووشی ناڕەحەتی ببن، وئادەم وەڵامی دایەوە بەوەی کە هەر دەبوو ڕوویبدایە. مسوڵمان کاتێک تووشی ناڕەحەتی دەبێت بەهۆی کردەوەی بەندەکانەوە یان جگە لەمانە دەبێت ئارامگر بێت وملکەچی خوای گەورە بێت، وئەمە نابێتە هۆی ئەوەی لۆمەکردن لەسەر تاوانبار لابچێت وسزا بدرێت، وهەروەها ئەم فەرموودەیە نابێتە بەڵگە بە دەستی تاوانبارەوە بۆئەوەی لەسەر تاوان وگوناهەکان بەردەوام بێت چونکە مرۆڤ نازانێت چی لەسەر نووسراوە لە قەدەردا هەروەکو پێشووتر باسکرا بەڵکو ئەمە بەڵگەیە بۆ کەسێک کە تەوبەی کردبێت وپاشان کەسێک بێت ولۆمەی بکات لەسەر تاوانەکانی لەم حاڵەتەدا دەتوانێت بەم شێوەیە بەرگری لە خۆی بکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8317